# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ کێشەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای چۆمان
## (ناوچەکانی پرزێ، گۆمی بێکۆدیان و کانیە ڕەش بەنمونە)

م.ی. احمد سعید امحمد
ahmed.saeed@soran.edu.iq
بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران

م.ی.مستەفا یوسف محمد
mustafayousifmohammed72@gmail.com
بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.
بەشی گەشتوگوزار، پەیمانگای تەکنیکی تایبەتی ڕواندز.

م.ی.دیدار حمد قادر
dhq240h@geoa.soran.edu.iq
بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.
بەشی گەشتوگوزار، پەیمانگای تەکنیکی تایبەتی ڕواندز.

سەنگەر محمود احمد
sangar.ahmed@soran.edu.iq
بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سۆران

ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە2025-9-21
ڕێکەوتی وەرگرتن :15-8-2025

**پوختە**

قەزای چۆمان یەکێکە لەو ناوچانەی، کە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی سروشتیە، کە زۆر شیاون بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی. سەرەرای بوونی ئەو تایبەتمەندیە سروشتیانە، کە شیاون بۆ پەرەپێدان بەکەرتی گەشتوگوزار بەگشتی و گەشتوگوزاری ژینگەیی بە تایبەتی بەلام چەندین کێشەی جۆراو ڕێگرن لەبەردەم پەرەپێدان بەم کەرتە گرنگە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بە پێویستمان زانی تیشک بخەینە سەر (شیکردنەوەی جوگرافی بۆ کێشەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لەقەزای چۆمان)، کە هەریەکە لە ناوچەکانی (پرزێ، گۆمی بێکۆدیان و کانیە ڕەش) مان بە نمونە وەرگرتووە. ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی کێشەکانی بەردەم پەرەپێدان و تیشک خستنە سەر داهاتووی گەشتوگوزاری ژینگەییلەناوچەی توێژینەوە، میتۆدی بە کارهاتوو بریتیە لە هەریەکە لە میتۆدەکانی وەسفی و شیکاری لەگەل کاری مەیدانی، کە توێژەران بەشێوەی مەیدانی سەردانی ناوچەی توێژینەویان کردوە لەگەل دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی.

لە کۆتایی دا توێژینەوە گەیشتوتە بەو دەرئەنجامەی کە کێشەی سەرەکی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە خرابی ژێرخانی ئابووری بە گشتی و ڕێگاوبان بەتایبەتی بۆیە بە ڕاکێشانی ڕێگای گوستنەوەی هاوچەرخ بۆ ناوچەکانی پرێ و گۆمی بێکۆدیان و کانیە ڕەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بۆ ناوچەکە و بەرەوپێشچونی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای چۆمان.

کلیلە وشەکان: گەشتوگوزار، گەشتوگوزاری ژینگەیی، قەزای چۆمان، پەرەپێدان، پەرەپێدانی گەشتوگوزاری.

**ملخص**

تُعد منطقة جومان من المناطق الغنية بالخصائص الطبيعية التي تؤهلها بشكل كبير لتنمية السياحة البيئية. ورغم توافر هذه المقومات الطبيعية المناسبة لتنمية السياحة عامةً والسياحة البيئية خاصةً، إلا أن هناك العديد من المشكلات التي تعيق تطوير هذا القطاع الحيوي. ومن هذا المنطلق، ركزت هذه الدراسة على **التحليل الجغرافي للمشكلات التي تواجه تنمية السياحة البيئية في منطقة جومان**، متخذةً من مناطق **برزي**، **بحيرة بيكوديان**، **وكانيا راش** نماذج تطبيقية.

وتهدف الدراسة إلى تحديد أبرز العقبات التي تعرقل التنمية السياحية، مع تسليط الضوء على آفاق ومستقبل السياحة البيئية في المنطقة. وقد اعتمد الباحثون في إنجازها على **الأسلوبين الوصفي والتحليلي**، إلى جانب **العمل الميداني** المتمثل في زيارة مواقع الدراسة وتوزيع استمارات استبيان على السكان المحليين.

وأخيرًا، توصل البحث إلى أن المشكلة الرئيسة التي تعيق تنمية السياحة البيئية في منطقة الدراسة تكمن في **ضعف البنية التحتية الاقتصادية بشكل عام، وتردي شبكات الطرق بشكل خاص.**

**الكلمات المفتاحية :**السياحة، السياحة البيئية، قضاء جومان، التنمية، تنمية السياحة.

**Abstract**

Choman district possesses abundant natural features that make it highly suitable for the development of eco-tourism. However, despite these favorable characteristics, several challenges hinder the growth of this vital sector. Therefore, this study focuses on a **geographical analysis of the problems facing the development of eco-tourism in Choman district**, with specific attention to the areas of **Przhe, Bekodian Lake, and Kanya Rash**.

The main objective of the study is to identify the obstacles to eco-tourism development and to shed light on the future potential of eco-tourism in the region. The research employs both **descriptive and analytical methods**, supported by **fieldwork**, including site visits and the distribution of survey forms.

Finally, the research concluded that the primary obstacle to the development of eco-tourism in the study area lies in the weakness of the economic infrastructure in general, and the inadequacy of road networks in particular.

Keywords: Tourism, Ecotourism, Choman District, Development, Tourism Development.

**پێشەکی**

گەشتوگوزار یەکێکە لەو کەرتە گرنگانەی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێشکەوتنی وڵات لەرووی ئابووری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری و ژینگەییەوە، بەجۆرێک هۆکارێکە بۆ پێشخستنی ئەو ناوچانەی، کە خاوەنی ئاستێکی نزمی گەشەسەندنن. بوونی ناوچەی دەوڵەمەند بە توانستی سروشتی وەک (چیا، دۆل، ئاوهەوای گونجاو، دەریاچە، تاڤگە، کانی و دارستان و ئاژەڵی کێوی) هۆکاری سەرەکین بۆ پەرەپێدان بە کەرتی گەشتوگوزار لەم ناوچانە بەتایبەتی گەشتوگوزاری ژینگەیی.

ئەم جۆرەی گەشتوگوزار جۆرێکی نوێیە، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم سەری هەڵداوە. دەکرێت پەرە بەم جۆرە گەشتوگوزارە بدرێت لەڕێگەی پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان گەشتوگوزار و ژینگەی ناوچەکە لە ڕێگەی پلانێکی ستراتیژی دوور مەودا، کە هیچ جۆرە زیانێک بە لایەنی ژینگە، ئابووری، کۆمەڵایەتی و پێگەی دانیشتوانی ناوچە گەشتیاریەکان نەگەیەنێت.

سەرەرای دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان بەگشتی و قەزای چۆمان بە تایبەتی بە ( چیا، دۆڵ، کانی، ئاوهەوای گونجاو، تاڤگە و دارستانی سروشتی) بەلام بوونی کۆمەڵێک بەربەست وای کردووە کە نەتوانرێت وەک پێویست سود لەو توانستە سروشتیان وەربگیرێت بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە شیکردنەوەی توانستە سروشتیەکان بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی کە کاریگەری هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١-دەرخستنی کێشەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەییە لە قەزای چۆمان.

٢-تیشک خستنە سەر داهاتووی گەشتوگوزاری ژینگەییە لە ناوچەی توێژینەوە.

**کێشەی توێژینەوە:**

١- ئایا سروشتی قەزای چۆمان گونجاوە بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی؟

٢- ئایا خرابی ڕێگاو بان و نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ مانەوەی گەشتیار و نەبوونی پلانی حکومەت بۆ بەرەوپێش بردنی کەرتی گەشتوگوزار لە ناوچەکە ڕێگرن لە بەردەم پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

١- قەزای چۆمان خاوەنی چەندین تایبەتمەندی سروشتیە، کە دەتوانرێت سودیان لێ وەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی ب لە ناوچەکە.

٢- کێشەی سەرەکی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە خرابی ڕێگاوبان و نەبوونی پلان لە لایەن حکومەتی خۆجیی لە ناوچەکە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەریەکە لە میتۆدەکانی وەسفی کە لەرێگەی ئەم میتۆدە ناوچە گەشتوگوزاریەکانی توێژینەوە ناسێنراون و میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە کە لە رێگایەوە چەندین داتاو زانیاری شیکراونەتەوە لەگەڵ کاری مەیدانی، کە توێژەران بەشێوەی مەیدانی سەردانی ناوچەی توێژینەوەیان کردوە لەگەڵ دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی.


**١- ناساندنی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:**

لەم بەشەدا سەرەرای دیاریکردنی شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی ناوچەی توێژینەوە، شیکردنەوە ئەنجامدراوە بۆ هەریەکە لە توخمەکانی سروشتی ناوچەی توێژینەوە، کە بریتین لە ( پێکهاتەی جیۆلۆجی، ئاووهەوا، بەرزی ونزمی، دەرامەتی ئاو، ڕووپۆشی ڕووەکی و ژیانی کێوی).

**١-١- شوێنی جوگرافی (Geographic Location):**

شوێنی جوگرافی بەیەکێکە لە توانستە جوگرافییە سروشتییەکانی گەشتوگوزارییەکان دادەنرێت. گرنگی شوێنی جوگرافی لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی چوارچێوەیەکی جوگرافی بۆ ناوچەکە لەلایەك، و لەلایەکی تر ماوەی نێوان شوێنی دەرچونی گەشتیار و شوێنی پێشوازیکردن و کاتی پێویست بۆ برینی گەشتەکە دیاری دەکات (**سلیم و عمر، 2022، ل 241**). شوێنی جوگرافی توێژینەوەکەمان بریتییە لە قەزای چۆمان، کە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە، لە بەشی باشور و باشوری ڕۆژئاوای قەزای ڕواندوزە، لە بەشی ڕۆژئاوای قەزای سۆرانە، لەڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە کەوتووەتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ("31 '46 °36 - "30 '28 °36) ی باکور، هەروەها هێڵی درێژی ("30 '3 °45 - "13 '39 °44) ڕۆژهەڵات. نەخشەی (1) نەخشەی (2). ناوچەی توێژینەوە بە شوێنێکی گرنگی گەشتیاری هەرێمی کوردستان دەدەنرێت، ئەمەش بەهۆی زۆری شوێنە سرنجراکیشیە کانیەوەییە .


**نەخشەی (١) پێگەی ناوچەی توێژینەوە**



سەرچاوە: ١.کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS 10.8)، بە پشت بەستن بە ( وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، بەشی GIS.

٢. کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: هاشم یاسین حمدامین و سردار محمد عبدالرحمان و هۆشیار محمدامین خۆشناو، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، کۆمپانیای تینوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، لا ٣٩.

**نەخشەی (٢) شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای چۆمان**




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS 10.8)، بە پشت بەستن بە ( وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، بەشی GIS.

### ١-٢- ئاووهەوا (Climate):

بەیەکێك لە بنەما سروشتییەکان جوگرافیا دادەنرێت، هۆکارێکی گرنگە و کار لەسەر هەڵدان و پێشکەوتنی گەشتوگوزار دەکات، توخمەکانی ئاووهەوا پێکدێت لە تیشکی خۆر، پلەی گەرمی، شێ، داباران، با و پاڵەپەستۆی هەوا، بەڵام پلەی گەرمی و شێی ڕێژەیی لە هەموویان زیاتر کاریگەری لەسەر چالاکی گەشتوگوزار هەیە، لەو ناوچانەی ئاووهەوایان گونجاوە دەتوانرێت وەبەرهێنانی هەندێ چالاکی گەشتوگوزاری سروشتی و ژینگەیی تێدا ئەنجام بدرێت وەك ناوچەکانی ڕووبارەکان، دەریاچە و ناوچە شاخاوییەکان **(سلیم، 2021، ل74)** لە پێناو هەڵسەنگاندنی زیاتری ئاووهەوای قەزای چۆمان لە ڕوانگەی گەشتوگوزاری ژینگەییەوە بەتایبەتی، پێویستە بەجیا باس لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بکەین، کە پشتمان بە داتاکانی وێستگەی کەشناسی چۆمان بەستووە، کە دەکەوێتە بەرزی (1178م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بەتایبەتی توخمەکانی (پلەی گەرمی، شێی ڕێژەیی، باران و بەفر).

### ١-٢-١- پلەی گەرمی: Temperature

سەبارەت بە پلەی گەرمی بەیەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوای گەشتیاری دادەنرێت، چونکە کاریگەری تەواوی لەسەر حەسانەوەی مرۆڤ و سەرجەم چالاکییەکانی هەیە، ڕەگەزێکی ڕاکێشانی گەشتیاری پربایەخە و جوڵێنەری گەشتیارانیشە لە چوارچێوەی گەشتوگوزاریدا**(محمدأمین، 2024، ل57)**. سەبارەت بە پلەکانی گەرما، لە ناوچەی توێژینەوە جیاوازە وەك لە خشتەی(1) دا دیارە بەپێی شوێن هەروەك لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تریش دەگۆڕێت ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە و سروشتی بەرزی و نزمیەکەی، بەڵام بەگشتی تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە لە ناوچەی توێژینەوە، دەکاتە (16.2°س)، وە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی ساڵانە دەکاتە (21.1°س) و تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی ساڵانەش دەکاتە (11.8°س). ساردترین مانگ لە ناوچەی توێژینەوە مانگی کانوونی دووەمە پاشان پلەی گەرما بەرزدەبێتەوە تا دەگاتە گەرمترین مانگ، کە مانگەکانی تەموز و ئابە، هەروەها دووبارە پلەی گەرمای لەدوای مانگی ئابەوە نزم دەبێتەوە، بەم شێوەیە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە. تێکڕای پلەی گەرمی بۆ وەرزی زستان دەکاتە (4.7°س) وەرزی هاوین، تێکڕای پلەی گەرمی دەکاتە (28.2°س)، هەروەها تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی بەهار (14.1°س) و بۆ وەرزی پایز (17.9°س).

**خشتەی(١) بەرزترین و نزمترین ناوەندی پلەی گەرمی مانگانە و وەرزانە لە نێوان ساڵانی (2013-2020) لە وێستگەی چۆمان**

| مانگەکان | وەرزی زستان | | | وەرزی بەهار | | | وەرزی هاوین | | | وەرزی پایز | | | تێکڕای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك1 | ك2 | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت1 | ت2 | |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **بەرزترین** | 8.8 | 6.4 | 11.6 | 13.4 | 18.5 | 25.1 | 31.4 | 34.6 | 34.0 | 30.8 | 23.0 | 15.1 | **21.1** |
| **نزمترین** | 1.5 | ٠،٥ | 1.0 | 4.6 | 13.3 | 13.7 | 19.7 | 24.7 | 24.6 | 20.9 | 12.8 | 5.3 | **11.8** |
| **تێکرایی** | 5.1 | 2.9 | 6.1 | 9 | 13.9 | 19.5 | 25.6 | 29.7 | 29.3 | 25.8 | 17.8 | 10.1 | **16.2** |
| **تێکرای وەرزانە** | **4.7** | | | **14.1** | | | **28.2** | | | **17.9** | | | |

**ســەرچاوە:** کاری توێژەران بەپشــتبەســتن بە: حکومەتی هەرێمی کوردســتان، وەزارەتی کشــتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبەی ئاماری کەشناسی، ئاماری وێستگەی کەشناسی چۆمان لە نێوان ساڵانی(2013-2024).

### ١-٢-٢-شێی ڕێژەیی: Relative Humidity

شێی ڕێژەیی بە دووەم ڕەگەزی ئاووهەوای دادەنرێت لە ڕووی گرنگی گەشتوگوزارییەوە، ڕۆڵێکی کارا دەگێرێت لە ئارامی مرۆڤ و چالاکییەکانی، لە ڕێگەی دیاریکردنی کارای گەرما، زانایان پێیان وایە بڕی شــێی ڕێژەی (40-60%) بە ڕێژەیەکی زۆر گونجاو دادەنرێت بۆ لەشــی مرۆڤ کاراییەکی گەرمی پەســەندە **(سلیم، 2022، ل95)**. وەك لە خشتــەی (2) دا دەردەکەوێت. تێکرای شــێی ڕێژەیی ســاڵانە لە وێســتگەی چۆمان گەیشــتۆتە (61.1%)، بەرزترین ڕێژەی شــێ لە مانگە ســاردەکانی وەرزی زستاندا تۆمارکراوە، لە کانوونی دووەم، کە بڕەکەی دەگاتە (71.9%)، بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێ هاوکاتە لەگەڵ نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما، ئەمەش یەکێکە لە تواناســتەکانی کێشــکردنی گەشــتوگوزاری، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەســتکردن بە سەرمای زۆری کەش لەسەر گەشتیاران. لەئەنجامدا زیادبوونی حەوانەوە لەکاتی وەرزی زستاندا دێتە کایەوە، لەکاتی پیادەکردنی چالاکییە گەشتوگوزارییە زستانییەکان. نزمترین ڕێژەی شێ دەکەوێتە مانگی ئەیلول، کە دەگاتە (40.2%)، لەم ڕوانگەیەوە نزمی شێی ڕێژەیی لە کەژی گەشتیاری پایز پەسەندە. سەبارەت بە وەرزی بەهار ئاستێکی ناوەندی وەرگرتووە، کە دەکاتە (65.0%).

**خشتەی(٢) تێکرایی مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی شێی ڕێژەیی (%) بۆ ساڵی (2013-2020) لە ناوچەی توێژینەوە**

| وەرزەکان | مانگەکان | تێکرای مانگانەی ڕێژەی شێ(%) |
|---|---|---|
| زستان | کانوونی یەکەم | 70.0 |
| | کانوونی دووەم | 71.9 |
| | شوبات | 71.2 |
| | تێکرای وەرزانە | 71 |
| بەهار | ئازار | 68.6 |
| | نیسان | 63.5 |
| | مایس | 62.8 |
| | تێکرای وەرزانە | 65.0 |
| هاوین | حوزەیران | 55.6 |
| | تەموز | 53.4 |
| | ئاب | 52.5 |
| | تێکرای وەرزانە | 53.8 |
| پایز | ئەیلول | 40.2 |
| | تشرینی یەکەم | 58.7 |
| | تشرینی دووەم | 64.6 |
| | تێکرای وەرزانە | 54.5 |
| تێکرای ساڵانە | | 61.1 |

**ســەرچاوە:** کاری توێژەران بەپشــتبەســتن بە: حکومەتی هەرێمی کوردســتان، وەزارەتی کشــتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبەی ئاماری کەشناسی، ئاماری وێستگەی کەشناسی چۆمان لە نێوان ساڵانی(2013-2024).

### ١-٢-٣- دابارین : Precipitation

دیاردەکانی دابارین، بەهەموو شێوەکانیەوە (هەور، تەم، باران و بەفر و تەزرە) بە ڕەگەزێکی کاریگەری ئاووهەوا دادەنرێت، بەجۆرێك هەموو شــێوەکانی دابارین جگە لە بارینی بەفرکاریگەری خراپ دادەنێت لەســەر کەرتی گەشــتوگوزار و پیادەکردنی

چالاکیە گەشتوگوزاریەکان لە ناویشیاندا گەشتوگوزاری ژینگەیی، کە کرۆکی ئەم توێژینەویە، چونکە سەرجەم چالاکیەکانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لە سروشتی کراوەی ژینگەدا پیادە دەکرێن. لە ناوچەی توێژینەوەدا هەموو شێوەکانی دابارینی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام توێژینەوەکەمان تەنها تیشک دەخاتە سەر (باران)، بەهۆی ئەوەی سەرەکیترین شێوەی دابارینە لە ناوچەی توێژینەوە ئەمە لە لایەك، لەلایەکی ترەوە شێوەکانی تری دابارین (تەرزە و بەفر) داتای لەسەر تۆمار نەکراوە.

سەبارەت بە ئامارەکانی خشتەی (3) جیاوازی لە بڕی بارانی مانگانە وەرزانەدا لە ناوچەی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی ڕوون ئاشکرا دەبێت، کۆی باران بارینی ساڵانە لە ناوچەی توێژینەوە گەیشتوتە (824.1ملم)، بەرزترین بڕی باران بارین لەوەرزی زستاندایە دەکاتە (342.6ملم) دوای ئەمیش وەرزی بەهار دێت بە بڕی (283.3ملم)، کە ئەم بڕەش لەوەرزی زستانی ناوچەکە کەمترە و لەوەرزی پایزدا زیاترە، بەرزترین تێکرای مانگانەی باران دەکەوێتە مانگی ئازار، کە بڕەکەی (143.1ملم). کەواتە دەتوانین بڵێین دابارین لەناوچەی لێکۆڵینەوە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ناوچەکەیە و هۆکارە بۆ دروست بونی ڕووبار و دەرچەی ئاوی و گۆما و کانیاو، کە ئەمانەش بە بنەمای سەرەکیەکانی دروستبونی گەشتوگوزاری ژینگەیی دادەنرێن، لەلایەکی تر زۆربەی ئەو برە بارانە لە دەرەوەی وەرزی گەشتیاری، مانگەکانی (مایس و ئەیلول) دەبارێت، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ سوودوەرگرتن لە تەواوی سەرچاوەکانی ناوچەکە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی.

خشتەی(3) تێکرایی مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی بڕی باران بارین لە نێوان ساڵانی (2005-2020) لە وێستگەی چۆمان

| مانگەکان | زستان | | | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | کۆی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك1 | ك2 | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت1 | ت2 | |
| بڕی باران ملم | 107.5 | 114.3 | 120.8 | 143.1 | 104.7 | 35.5 | 1.4 | 0.0 | 0.0 | 8.5 | 88.3 | 100.0 | 824.1 |
| تێکرای وەرزانە | 342.6 | | | 283.3 | | | 1.4 | | | 196.8 | | | |


**سەرچاوە:** کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبەی ئاماری کەشناسی، ئاماری وێستگەی کەشناسی چۆمان لە نێوان ساڵانی(2005-2020).

**١-٣- بەرزی و نزمی (Topography):**

ناوچەی توێژینەوە لەڕووی تۆپۆگرافیەوە، هەمە چەشنی شێوەکانی ڕووی زەوی تێدا دەردەکەوێت، ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەری ئەم فاکتەرە جیۆلۆجییانەوە هاتووە، کە یەك بەدوای یەك بەسەر ناوچەکەدا هاتوون. قەزای چۆمان خاوەنی چەندین ڕوخساری سروشتیی جۆراوجۆرە، بەشێوەیەك هەموو ڕوخسارەکانی ڕووی زەوی لەخۆگرتووە، لە چیا، دۆڵ، دەشت، بان، ئەشکەوت و دیاردەی جیۆمۆرفۆلجی سەرسوڕهێن...هتد، جۆراوجۆربوونی ڕوخساری ڕووی زەوی لەم شێوەیە وادەکات تایبەتمەندییەکانی ژینگەی سروشتیی ئەم ناوچەیە جیاواز و جۆراوجۆربێت، لە ڕووی توخمەکانی ئاووهەوا، دەرامەتی ئاو، ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە ناوچە پێچ ئاڵۆزی چیایی، کە ژمارەیەکی زۆر چیای بەرز لەخۆدەگرێت بەرزترین لوتکە چیاش لەم ناوچەیە هەڵگوردە، کە بەرزیەکەی دەگاتە (3607م) لە ئاستی ڕوی دەریا دەکەوێتە زنجیرە چیای حەسارۆست بەرزترین لوتکەیە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها چیای سەکران، کە بەرزییەکەی (1434م)ە و چیای کونەکۆتر، کە بەرزییەکەی (2751م)یە چیای قەندیل، کە بەرزییەکەی (3460م)یە ئەمە جگە لە چیاکانی شێخ ناسر، کۆدۆ، مامەڕوت و چەندانی تر(**قادر، 2022، ل 10**) جیاوازییەکی زۆری بەرزی و نزمی لە بەشەکانی باشور و باشوری ڕۆژئاوا و باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزاکەدا هەیە، کە لە نێوان 710 بۆ 3600 مەتر، لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە هەمەجۆری بەرزی ونزمی لە هەر هەرێمێك لە پشت دیاریکردنی سروشتی چالاکی گەشتوگوزارییە لەو ناوچەیەدا، بەڕوانین بۆ نەخشەی (٤) ئەم بەرزونزمیە بۆتە هۆی دروستبونی چەندان دیمەنی سروشتی جوان و سەرنجراکێش وەکو تاڤگەکانی (کانی بەست، پرژە، کەورتە و کانییە ڕەش) ئەوەی جێگای باسە هەریەك لەم تاڤگانە ڕێگای هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و گەشتن پێیان ئەستەم و قورسە بەتایبەت تاڤگەی کانیە ڕەش، گۆمی بێکۆدیان و پرژە، کە بە دوری ( ٨کم) دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمان، ئەم دیمەنە سروشتیانە توانستێکی گەشتوگوزاریی ژینگەیی گەورەن و بەیەکێ لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت بۆ ڕوتێکردنی گەشتیارەکان وەك ئارەزومەندانی وەرزشی شاخەوانی، هەروەها ئەم ناوچە شاخاویانە دەکرێت وەبەربهێنرێت بۆ وەرزشی ڕۆیشتن و سەرکەوتنی شاخ و سەرکێشی خلیسکانی بەفر.

نەخشەی (٤) یەکە بەرزی و نزمییەکانی ناوچەی توێژینەوە




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە داتای نموونەی بەرزی و نزمی ژمارەیی(DEM-12m) وەرگیراو لەسایتی(www.usgs.gov) و بەکارهێنانی پرۆگرامی(ArcGIS - 10.8).

**١-٤- دەرامەتی ئاو(Water Resource):**

دەرامەتی ئاو یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی دروستبونی گەشتوگوزار و شوێنە گەشتوگوزاریەکان و بنەمایەکی پێکهێنەر و گرنگە لە پەرەپێدانی هەر ناوچەیەکی گەشتوگوزاری (**نەقشبەندی، 2013، ل121**). جۆراو جۆریەتی سەرچاوەکانی ئاو واتا جۆراوجۆریەتی گەشتوگوزاری بەتایبەتی ئەگەر جۆراو جۆری دەرامەتە ئاوییەکان بەشێوەی کانی و تاڤگە و نافورە بێت، وەك گۆمی بێکۆدیان و فێلاو لەناوچەی توێژینەوە.


دەوڵەمەندیی (قەزای چۆمان) بە سەرچاوە ئاوییەکان: جگە لە دابارینی (باران) و(بەفر) دەتوانین بڵێیین ناوچەی توێژینەوە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو لەبەر ئەم هۆکارانە:

1- ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، کە ناوچەیەکی بەرزی شاخاویە و تەنانەت بەرزترین شاخەکانی دەگاتە (3600م) لە ئاستی روی دەریا. ئەمە هۆکارێکە بۆ زۆری بڕی باران و بەفر، کە تاماوەی مانگەکانی هاوین لە هەندێ شوێنی توێژینەوە دەمێنێتەوە، کە ئەمەش سەرچاوەیەکی باشی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەویە بۆ ناوچەکە.

٢- بوونی تۆڕێکی فراوان لە چەم و ڕووبار، کە گرنگترینیان ڕووباری (شێخی بالەك - چۆمان)ە سەرچاوەکەی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی حاجی ئۆمەران لەناوچەی شیوەڕەش هەڵدەقوڵێت و بەرەو باشوری ڕۆژئاوا ڕێدەکات و (4) چوار ڕێژگە لاوەکیەکەی تێدەرژێت، کە بریتین لە ڕوباری (ناوەندە، باسان، باڵەیان و ڕوستە).

٣- ناوچەی توێژینەوە ژمارەیەك تاڤگە و گۆمی سروشتی تێدایە بەتایبەت تاڤگەی کانی بەست و کانیە ڕەش، سەرەڕای بوونی گۆمی سروشتی لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکان، کەوا بونەتە هۆکاری سەرنجڕاکێشانی گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی بۆ سەیران و گەشت لەناوچەکەدا.

٤- بوونی ژمارەیەك لە کانیاوی سازگار و شیرین وەك کانیاوی (چۆمان) کانیاوی کانزایی (شێخی باڵەك) لە حاجی ئۆمەران بنەمایەکی سەرەکین بۆ دروستبونی گەشتوگوزاری چارەسەری سروشتی. بەگشتی کانیاوەکان بە بنەمایەك و پێکهێنەرێکی گرنگی گەشتوگوزاری ژینگەیی دادەنرێن.




**وێنەی(١) تاڤگەی کانییە ڕەش**



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرچاوە: کاری توێژەران سەردانی مەیدانی ١٩-٧-٢٠٢٥

**نەخشەی -٤ دەرامەتی ئاو**




**سـەرچاوە:** کـاری توێژەر بە پشـت بەسـتن بە داتـای نموونەی بەرزی و نزمی ژمـارەیی(DEM-12m) وەرگیراو لەسایتی(www.usgs.gov) و بەکارهێنانی پرۆگرامی(ArcGIS - 10.8).

**١-٥- ڕووپۆشی ڕووەکی (Vegetation):**

ڕووپۆشـی ڕووەکـی سـروشـتی بێت یان دەسـتکرد، دیمەنێکی گەشـتیاری درووسـت دەکات و دەبێتە مایەی سـەرنجراکێشـانی گەشــتیاران لە ژێر تیشــکی ئەو جیاوازییەی لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوادا و بەرزی و زنزمی هەیە لە ناوچەی توێژینەوە، ئەوا ڕووپۆشی ڕووەکی لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی و چڕێتییەوە جیاواز دەبن، دەتوانین ڕووەکە سروشتیەکان بەم شێوەیە خوارەوە دابەشبکەین.

**١-٥-١- دارستانەکان:**

ڕووبەری دارســتانە ســروشــتییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەپێی دوایین ئاماری ڕووپێوی لە بەڕێوەبەرایەتی کشــتوکاڵی چۆمان، کە بەدەســت کەوتوون بریتییە لە (44703) هەزار دۆنم جۆری دارســتانەکان ســروشــتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە لە چەندین شـوێن بەدەردەکەون لەوانە چیاکانی (سـەکران، قەندیل، گردەمەند، حەسـارۆسـت، کونەکۆتر، شـێخ ناسـر، مامەڕوت و کۆدۆ) بەربلاوترینیان داری بەڕووە، لەگەڵ جۆری (دارەبەن، گێوژ، کرۆسـك، مازو، سـۆرەدار، هەنجیر، تو، باوی، چەقێلە و ئالوبالو- بلاروك) لەگەڵ هەندێ جۆری گژوگیایی بەهارە، کە بۆخواردن دەست دەدەن یاخود بۆ داودەرمان دروستکردن. وێڕای بوونی زیاتر لە (240) هەزار دۆنم دارســتانی دەســتکرد (**قادر، 2022، ل 32**). بوونی ڕووبەرێکی لەم شــێوەیە لە دارســتان فاکتەرێکی هەرە گرنگە بۆ سەرهەڵدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی.١

**١-٥-٢-- ڕووەکی کەنار چەم و ڕووبارەکان:**

ڕووەکی کەنار چەم و ڕووبارەکان ناوچەی توێژینەوە زۆر و جۆراوجۆرن ئەمە بەهۆی هەبوونی ئاوێکی پاک و سازگار، کە چەندین ڕووەکی تێدا دەبینرێت، هەروەها بەشێکی زۆری کەنار ڕووبارەکە بۆتە شوێنی گەشتیاری و کشتوکاڵی لە قەزای چۆمان، ڕووەکی پێکهاتوون لە (چنار، بی، گەز و سپیندار) هەروەها (قامیش، زەل، پونگە و کوزەلە).

**١-٥-٣-ڕووەکی گژوگیا:**

ڕووەکی گژوکیا دەکەوێتە دەشت و لاپاڵی گردەکانی ناوچەی توێژینەوە، جۆر و چڕی ڕووەکەکان بەپێ گۆڕانکاری ئاووهەوا دەگۆڕێت، بەگشــتی ڕووکەکان پێویســتیان بە (٧٠٠ملم) باران بارین هەیە، بە گشــتی ڕووەکەکانی ئەم پشــتێنەیە لە ســەرەتایی

وەرزی بەهاردا دەدەکەون (**محمد،٢٠٢٢: ٦٥**). بەشێکیان هەتا وەرزی پایز دەمێنن، گرنگترین جۆرەکانیشی بریتین لە (ڕێواس، کوارگ، کنگر، تۆلەکە، سۆرازە، کوڕادە و جاترە ...هتد)، کە دیمەنێکی جوان بە ناوچەی تویژینەوە دەبەستێت.

**١-٦-- ژیانی کێوی(Wild Life)**

ژیانی کێوی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بنەمایەکی سەرەکیی گەشتوگوزاری ژینگەییە لە هەر ناوچەیەکدا، لەگەڵ ئەوەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان هەردوو بەشەکەی ژیانی کێویدا هەیە، بە جۆرێك ئەو ناوچانەی بە ڕووەکی سروشتی دەوڵەمەندن، هاوکات بە ژیانی کێوی دەوڵەمەندن، چونکە ژینگەیەکی لەبار و ویستراون لەلایەن ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان و بۆ مەبەستی بەردەوامی ژیانیان سوود لە پەناگە و حەشارگەکان وەردەگرن، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ژیانی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان، کە بوونەوەرە ئاوییەکانیش دەگرێتەوە بوونەتە جێگەی سەرنج و گرینگیپێدانی دیدەوانان و گەشتیاران و تەنانەت دەزگا زانستی و ئەکادیمییەکانیش، لەم سۆنگەیەوە پاراستنیان بە کلیلی سەرەکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی و گەشتوگوزاری سەوز(Green Tourism) دادەنرێت (**عثمان، 2019، ل 76-77**).

دەڤەری تویژینەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان، بەهۆی ئەوەی خاوەنی پارێزراوی سروشتی (ناشنال پارکی هەڵگورد-سەکران)ە بەناوبانگە بە هەمە جۆری ڕووەك و بونی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ و باڵندەی کێوی، هەروەها پاراستنی دارستان و ئاژەڵەکانی ئەو ناوچەیە وەك کلتورێکی لێهاتووە و ئێستاش سزای توند بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵ و برینەوەی درەختە بەتەمەنەکان دانراوە.

**٢- ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە:**

**٢-١- پەرەپێدانی گەشتوگوزار:** بریتیە لە کۆمەڵێک کردار بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و کارئاسانی دامەزراوەکان لە کەرتی گەشتوگوزاری، بەمەبەستی دابینکردنی سەرجەم داواکاریەکانی گەشتیار تا ئەوپەری دڵنیای (محمد،٢٠١٥، ل١٢).

لەکاتێکدا (غنێم) وای ناساندووە کە پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە و دیاردەیەکی ئابووری نییە وەک هەندێک پێیانوایە، بەڵکو گەشەپێدانی گەشتوگوزار ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاری ڕیشەییە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە نیشتیمانییەکاندا و کاردەکات بۆ بەرفراوانکردنی گەشەی ئابووری و بەرتەسککردنەوەی جیاوازی هەرێمەکان و بەرنگاربوونەوەی هەژاری (ئەحمەد، ٢٠١٥، ل١٧). (احمد الدلیمی) پێیوایە کۆمەڵێک پرۆسەیە لە کەرتی گەشتیاریدا بە هەموو کایە و جۆرەکانیەوە بەدیدێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و چالاکیە گەشتوگوزاریەکاندا، بەئامانجی گەیاندنی گەشتیار بەوپەڕی ڕەزامەندی و لەکۆتایشدا بەشداری لە پاڵپشتی ئابووری نەتەوەییدا دەکات (یوسف و ئەوانی تر، ٢٠٢٤، ل١٣).

**٢-٢-پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام:** پەرەپێدانی گەشتوگوزار بە واتای بەرز نرخاندنی چالاکی ئابووری لە گەشەی ئابووریدا و زیادکردنی داهاتی دەوڵەت لە دراوی ناوەخۆیی و بیانی، و دروستکردنی هەلی کاری نوێ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەروەها زیادبوون و فراوانکردنی ئاوەدانی لە ڕێگەی دروستکردنی ناوچەی ڕاکێشانی گەشتیاری لە ناوچە دوردەستەکان.

هەروەها گەشتوگوزاری بەردەوام بەوە پێناسە دەکرێت کە باشترین بەکارهێنانی داهاتە سروشتییەکانە و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی زیندەییە و کەمکردنەوەی پاشماوەی گەشتیاریە لەسەر ژینگە، و بەرز نرخاندنی سوودەکان لە پاراستنی ژینگە و کۆمەڵگە ناوخۆیەکان، وە هەروەها دیاریکردنی پەیکەری ڕێکخستنی پێویستیش بۆ گەیشتن بەم ئامانجە (علی، ٢٠٢٤،ل٣٢).

**٢-٣-گەشتوگوزاری ژینگەیی:** زاراوەی گەشتوگوزاری ژینگەی (Eco-Tourism) لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوتووە، کەزاراوەیەکی تازەیەک نوێیە، هاتووە بۆ ئەوەی گوزارشت لە جۆرێکی نوێ لە چالاکی گەشتیاری بکات کە بە هاوڕێی ژینگە دەناسرێت، کە مرۆڤ پەیڕەوی دەکات لەپێناو پارێزگاری لە میراتی خۆرسکی سروشتی و ژیاری ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی .

گەشتوگوزاری ژینگەیی یان گەشتوگوزاری سروشتی بریتییە لەو جۆرە خۆشگوزەرانی و ئاسوودە بەخشەی دەروون کە ئەو پەیوەندییە ڕووندەکاتەوە، کە گەشتوگوزار بە ژینگەوە گرێدەدات، یان بەواتایەکی دیکە چۆن بتوانیین ژینگەی دەوروبەرمان کارا بکەین بۆ ئەوەی ببێت بە جۆرێک لە جۆرەکانی گەشتوگوزار و تاکەکانی کۆمەڵگە ڕووی تێبکەن بۆ چێژوەرگرتن، گەشتوگوزاری ژینگەیی چێژوەرگرتنێکی سروشتییە بە هەموو بەخشەرەکانی سروشتی دەوروبەرمان لە ژینگەی وشکانی و دەریاییدا (علی، ٢٠٢٤، ل٣٩).

**٢-٤- دابەشبوونی ناوچە گەشتوگوزاریە ژینگەییەکان لە قەزای چۆمان:**

هەروەکو لە نەخشە(٥) دا دەردەکەوێت ،کەقەزای چۆمان خاوەنی چەندین ناوچەی شیاوە بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی، کە گرنگترینیان بریتین لە:

**١-هاوینە هەواری پرژێ:** یەکێکە لە ناوچە گەشـــتوگوزاریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەکەوێتە بناری چیای ســـەکران لە ســـنووری گوندی وێزێ ی ســـەر بە قەزای چۆمان، نزیکەی (١٢کم) لە ســـەنتەری قەزای چۆمان دوورە، بەرزیەکەی دەگاتە (٢١٠٢م) لە ئاســـتی ڕووی دەریا، هەروەها دەکەوێتە ســـەر هێلی درێژی (٤٤،٥٩)ی ڕۆژهەڵات و بازنەی پانی (٣٦،٣٤)ی باکوور(عبداللە، ٢٠١٥،ص٨٧). ئاوی ئەم هاوینە هەوارە بە یەکێک لە پاکترین و ســـازگارترین ئاوەکانی هەرێمی کوردســـتان دادەنرێت، ســـەرچاوەی ئاوەکە بەفر و بارانە کە ســـاڵانە بڕێکی زۆر بەفر و بارانی لێ دەبارێت، و لەوەرزی هاوین بەفرەکە دەتوێتەوە و لەژێر چینە بەفرە کەڵەکەبووەکان تونێلی بەفر دروست دەبێت کە دیمەنێکی جوان و سەرەنج ڕاکێشی هەیە و ئاوەکە لەژێر ئەو تونێڵە بەفرانە تێدەپەڕێت، ئەم هاوینە هەوارە بە یەکێک لە خۆشـــترین و ســـەرەنج ڕاکێشـــترین هاوینە هەوارەکانی نـاوچەی لێکۆڵینەوە دادەنرێـت کە دیمەنێکی جوانی هەیە و پلەی گەرمـای لەوەرزی هـاوین بە نزمی دەمێنێتەوە بە تـایبەتی لە شـەوان، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری ناوخۆ و دەرەکی ڕووی تێدەکەن بەتایبەتی لە وەرزی هاوین لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، بەلام هاوینە هەوارەکە خزمەتگوزاری زۆر کەمی بۆ دابینکراوە بەدەست کەمی شوێنی مانەوە گەشتیاران دەناڵێنێت، ئەوەی لەناوچەکە بەدیدەکرێت بریتیە لە چەند کەپرێکی گەشتیاری و چەند خانویەکی گەشتیاری بۆیە پێویستی بەوە هەیە لەبواری گەشتیاری زیاتر گرنگی پێبدرێت و خزمەتگوزاری گەشتوگوزاری بۆ دابینبکرێت.

وێنە(٢) هاوینە هەواری پرژێ



سەرچاوە: وەرگیراوە لە ئەکاونتی ئەردەلان فۆتۆگەلەری، ١٧/٣/٢٠٢١

**٢-گۆمی بێکۆدیان:** ناوی گۆمی بێکۆدیان لە ناوی بنەماڵەی بێکۆدیان لە گوندی (ڕێزێنە)ی ســـەر بەناحیەی ســـەرکەپکانی ســەر بە قەزای ڕانیە هاتووە، کە پێشـتر وەک هەوارنشـین لە وەرزی هاوین بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان ســەردانی ئەم گۆمەیان کردووە، بۆیە هەر بەم ناوە ناونراوە، گۆمی بێکۆدیان دەکەوێتە قەزای چۆمان لەســەر چیای حەسـاری سـەکران لە نێوان هەردوو لوتکەی پرخێلەند و قەرەد بە دووری (١٨کم) لە ســـەنتەری قەزای چۆمان، ئەم گۆمە (٣٢٠٠م) لەســـەر ئاســـتی ڕووی دەریاوە بەرزە، وە شـــێوەیەکی بازنەی داخراو وەردەگرێت و تاکو کۆتای وەرزی هاوین بەفری لێدەمێنێتەوە وە ئاوەکەی زۆر ســـارد و سازگارە و بەدرێژای ساڵ ئاوەکەی دەمێنێتەوە، و لە چواردەوری کۆمەڵێک گۆمی بچووک هەیە کە ئاوەکەیان سازگارە هەروەها مێرگی هەمیشە سەوز و کانیاو و جۆگەی سەرەنج ڕاکێش لە دەوروبەری گۆمەکە دەبینرێت، سەرجەم ئەمانەو نزمی پلەی گەرمی بۆ خوار (٢٠س°) لەوەرزی هاوین و خۆشـی و فێنکی ئاوهەواکەی بونەتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەوەرزی هاوین و بەهار ســـەردانی ئەم گۆمە بکەن بۆ گەشـــتوگوزار و چێژوەرگرتن لە دیمەنی جوانی نـاوچەکە، گۆمی بێکۆدیـان ڕێگـای هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی نیە گەشـتیاران بەپیادە سـەردانی گۆمەکە دەکەن یان سـود لە ئاژەڵی باری وەک (ئەسـپ و گوێدرێژ) وەردەگرن، وە بۆ گەیشـتن بەم گۆمە (٧) کاتژمێر پێویسـتە، بۆیە پێویسـتە لە ڕوانگەی گەشـتیاریەوە بایەخێکی زۆر بەو ناوچەیە بدرێت بۆ ئەوەی پەری پێبدرێت و وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، بەتایبەتی دروستکردنی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و سەرخانی ئابووری.

وێنە(٣) گۆمی بێکۆدیان



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




سەرچاوە: وەرگیراوە لە ئەکاونتی ئەردەلان فۆتۆگەلەری، ١٧/٢/٢٠٢٠

**٣- تاڤگەی کانیە ڕەش:** لە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمان و سەرنج ڕاکێشی هەیە، لە زنجیرە شاخی حەساری سەکرانە بەرزی (٢٢٥٦م) لە ئاستی ڕووی دەیاوە، هەروەها (١٥کم) لە سەنتەری قەزای چۆمان دوورە، تاڤگەکە بە دۆڵێکدا شۆردەبێتەوە کەوا دۆڵەکە بە ئەشکەوتی بەفر ناسراوە، بەهۆی کەڵەکەبوونی زۆری بەفر لە وەرزی زستاندا و مانەوەی بەدرێژایی ساڵ، بە جۆرێك ئاوی تاڤگەکە بەشێوەی ڕوبارێك لەژێر ئەشکەوتە سەهۆڵانیەکە ڕێدەکات، ئەمەش وایکردوە سەرنجی گەشتیاران رابکیشێ و بەگرووپ لەمانگی تەمموز، کە گەرمترین مانگە لە ناوچەکە پلەکانی گەرما لە (١٥)سیلیزی تێپەرنەکات، ئاوی سارد و سازگاری لە بەرزایەکی بەرزەوە دێتە خوارەوە، تاڤگەکە لەژێرەوەی وایکردوە دیمەنێکی ناوازە ببەخشێ بەناوچەکە و سەرنجی گەشتیاران بەلایخۆیدا رابکێشێ، بەڵام تاوەکو ئێستا خزمەتگوزاری ڕێگاوبان و کارەبا وشوێنی مانەوە...هتد لەم شوێنە دڵڕفێنە بوونیان نیە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەمی گەشتیار سەردانی بکەن و نەناسرێ بەباشی، گەشتیاران بەپیادە سەردانی تاڤگەکە دەکەن یان سود لە ئاژەڵی باری وەک (ئەسپ و گوێدرێژ) وەردەگرن، وە بۆ گەیشتن بەتاڤگەکە(٢) کاتژمێر پێویستە، هەروەها لەوێشەوە بۆ سەر گۆمی بێکۆدیان، بینینی سروشتی بەرزترین گۆم لە کوردستان و عیراق گۆمی بێکۆدیان لە بەرزی (٣٢٠٠)مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بە زیادکردنی خزمەتگوزاری وەك ڕێگاوبان و کارەبا و ڕازاندنەوەکان دەتوانی ببتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران.

وێنەی-٤ تاڤگەی کانیە ڕەش




سەرچاوە: کاری توێژەران سەردانی مەیدانی ١٩-٧-٢٠٢٥

نەخشە-٥ دابەشبوونی ناوچە گەشتیوگوزاریە ژینگەییەکان لە قەزای چۆمان



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




**٣: کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

لەناوچەی توێژینەوەدا کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگ، کە ڕووبەڕووی کەرتی گەشتوگوزاری بوەتەوە بەجۆرێک توانستە جوگرافیە گەشتوگوزارییەکانی نەتوانراوە بەشداری کارایان هەبێت لە بەرزکردنەوەی داهاتی تاکە کەس و ئابووری نەتەوەیی، هەروەها نەتوانراوە داواکاریەکانی گەشتیاران لەڕووی ئاسانکاری و خزمەتگوزاریەوە دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکرابوو بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی گەشتیاران و دیاریکردنی ئەو کێشەوگرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی سەردانیکردنیان بۆ ناوچە گەشتیاریەکانی ناوچەی توێژینەوە، لێرەدا گرنگترین ئەو کێشە و گرفتانە دەخەینەڕوو، کە لەبەردەم کەرتی گەشتوگوزاریی دا هەن لە ناوچەکەدا:

١-کەمی خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابووری: ژێرخانی ئابووری یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکیەکان کە ڕووبەڕووی گەشتیاران دەبێتەوە بەتایبەتی ڕێگاوبان، لەگەڵ ئەوەی ناوچەی توێژینەوە ڕێگای سەرەکی و لاوەکی تێدایە، بەڵام هەڵسەنگاندنی چەندیەتی و چۆنیەتی چاڵاکی ئەم ڕێگایانە بۆ گەشەپێدان و گەشەکردنی گەشتوگوزار، بەم شێوەیەی ئێستا خزمەتگوزاری پێویست و تەواو پێشکەش بە کەرتی گەشتوگوزاری ناکات، چونکە گەشتوگوزار پێویستی بە ڕێگای چەند ئاراستە و شێوازی هەمەجۆر و پێشکەوتوو و سەلامەت هەیە، بۆ گواستنەوەی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتوگوزاریەکان بە ئاسانی و تێچوونێکی کەم، ئەمەش پێویستی بەکات و سەرمایەی زۆر هەیە لەبەر سروشتی ناوچەکە، کە ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، ڕێگاکانی ناوچەی توێژینەوە سەرجەمیان یەک ئاراستە و تەسکن، و هەندێک لە ناوچە گەشتیاریەکان هەروەکو پێشتر باسکراوە ڕێگای گواستنەوەی

ئۆتۆمبێلیان نیە بۆ نموونە (گۆمی بێکۆدیان)، ئەمەش گرفت بۆ گەشتیاران دروست دەکات بۆ گەیشتنیان بە ناوچە گەشت و گوزاریەکان، بۆیە کەمی خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابووری بەرزترین ڕێژەی کێشەکانی لای گەشتیاران پێکهێناوە کە دەکاتە (٤٠.٨٪)ی کێشەکان. خشتەی (٤) .

وێنە-٥ خراپی ڕێگای هاتوچۆ بۆ ناوچە گەشتوگوزاریە ژینگەییەکانی قەزای چۆمان

سەرچاوە: سەرچاوە: کاری توێژەران سەردانی مەیدانی ١٩-٧-٢٠٢٥



٢- کێشەی مولکایەتی: یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی بەردەم کەرتی گەشتوگوزاری لەناوچەی توێژینەوەدا و لە ئێستادا کێشەکە لە نێوان دوو بنەماڵەدا بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوە دامودەزگای پەیوەندیدار هیچ هەنگاوێکی جدی نەناوە تاوەکو ناوچەکە وەک مولکێکی گشتی بناسێنێت و بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی وەبەرهێنانی تێدا بکات.

٣- لاوازی ڕاگەیاندن و بەبازاڕکردن: ڕیکلام و ڕاگەیاندنی گەشتیاری بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت لە پەرەپێدانی گەشتیاریدا، چونکە پەیوەندیەکی هاوبەش هەیە لەنێوان ڕاگەیاندنی گەشتیاری و بازاڕی گەشتیاریدا (قادر، ٢٠٢٢، ل٩٥). ناوچەی توێژینەوە دەناڵێنێت بەدەست لاوازی ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کەرتی گەشتوگوزاری لە ناساندن و دەرخستنی ناوچە گەستوگوزاریەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ گەشتیاران، ئەمەش وادەکات ناوچەکە ژمارەیەک گەشتیار لەدەست بدات، ئەمەش یەکێکی ترە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی گەشتیاران بۆتەوە، کە بۆتە هۆی کەمی زانیاری لەسەر ناوچە

گەستوگوزاریەکانی ناوچەکە کە خاوەنی توانستی گەشتوگوزارین، لەلایەن گەشتیارانەوە تاوەکو سەردانیان بکەن. لە خشتەی () دەردەکەوێت ڕێژەی (١٠٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بەم کێشەیەداوە کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە.

٤- کەمی خزمەتگوزاری سەرخانی ئابووری (دامەزراوە گەشتوگوزارییەکان) یەکێکە لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری لە ناوچەی توێژینەوە، وەک خزمەتگوزاریەکانی شوێنی حەوانەوە (ئوتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری)، لە ناوچەی توێژینەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەست بەم کێشەیە دەکرێت، کە ئەم خزمەتگوزاریانە بۆ پڕکردنەوەی داواکاری گەشتیاران پێویستن، گەشتیاران لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ ناوچەی توێژینەوە هەروەک لە خشتەکەدا دیارە ڕێژەی (٥.٦٪) ئاماژەیان بە کێشەی کەمی خزمەتگوزاری سەرخانی ئابووری داوە.

٥- یەکێک لەو کێشە و گرفتانە بریتییە لە نەبوونی ڕێبەری گەشتوگوزاری تایبەت بەناوچەکە کە تێیدا ناوچە گەشتوگوزاریەکانی ناوچەی توێژینەوە و ئەو زانیاریە سەرەکیانەی کە گەشتیار پێویستە بیزانێت بەر لە ئەنجامدانی گەشت بۆ ناوچەکە نەخراونەتەڕوو، ڕێژەی (٩.٤٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بەم کێشەیەداوە.

٦- کەمی و خراپی خزمەتگوزاری گەشتیاری: ناوچە گەشتوگوزاریەکانی ناوچەی توێژینەوە بەدەست کەمی و نەبوونی خزمەتگوزاری گەشتیارییەکانی وەک پارک و کافتریا و چێشتخانە و شاری یاری و شوێنی کات بەسەر بردن و خۆشگوزەرانی...هتد دەناڵێنێت، هەموو ئەوخزمەتگوزاریانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی گەشتیاران پێویستن، بۆیە لە (٢٤.٩٪) ئاماژەیان بۆ ئەم کێشەیە کردووە.

٧- کەمی هۆکاری گواستنەوە: کەمی و نەبوونی هۆکاری گواستنەوەی پێشکەوتوو و تایبەت بە ناوچە گەشتوگوزاریەکانی ناوچەی توێژینەوە، گەشتیار ناچاردەبن ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکاربێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و قەرەباڵغی ڕێگاکان و ڕووداوی هاتوچۆ و پیسبوونی ژینگەی ناوچە گەشتیاریەکان و جگە لە نەبوونی شارەزایی لە ڕێگا و بانەکانی ناوچە

| ڕێژەی ٪ | دووبارەبوونەوە | کێشە و گیروگرفتەکان | ژمارە |
|---|---|---|---|
| ٤٠.٨ | ٢١٢ | کەمی خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابووری (ڕێگاوبان، ئاو، کارەبا، تەندروستی، نوسینگەی ئالوگۆڕی دراو،...هتد | ١ |
| ٥.٦ | ٢٩ | کەمی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە | ٢ |
| ٩.٣ | ٤٨ | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە | ٣ |
| ٩.٤ | ٤٩ | نەبوونی ڕێبەری گەشتیاری | ٤ |
| ٢٤.٩ | ١٢٩ | کەمی و خراپی خزمەتگوزاری گەشتیاری (شوێنی کات بەسەربردن و شاری یاری و خواردنگە...هتد | ٥ |
| ١٠ | ٥٢ | کەمی ڕاگەیاندنی گەشتیاری | ٦ |
| ١٠٠ | ٥١٩ | | کۆی گشتی |

گەشتوگوزاریەکان، کە گەشتیاران بەردەوام ئەم گرفتەیان هەبووە بۆیە لە (٩.٣٪) ئاماژەیان بۆکردووە، تەنها بەشێکی کەمی ئەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچە گەشتیاریەکانی ناوچەکەیان کردووە لەڕێگەی کۆپانیاکانەوە سەردانیان کردووە.

٨- کەمی قەبارەی وەبەرهێنانی گەشتیاری: ناوچەی توێژینەوە خاوەنی کۆمەڵێک توانستی سروشتیی گونجاوە، کەبەهایەکی گەشتوگوزاری زۆریان هەیە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە وەبەرهێنانی گەشتیاری بەڕادەی پێویست بکرێ، بەهۆی ترسی وەبەرهێنەران و کەرتی تایبەت و کۆمپانیا ناوەخۆیی و بیانییەکان لە



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەگەرخستنی سەرمایەکانیان لەبواری وەبەرهێنان و پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا، بۆهۆی دڵنیا نەبوونیان لە قازانج، هەروەها دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لەناوچەکەدا لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار ئەمەش یەکێکی ترە لە کێشەکانی بەردەم بەرەو پێشچوونی کەرتی گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوەدا.

سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی کە باسکران لەبەردەم پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەکە پێویستی بە چەندین هەنگاو پلانی هەمەجۆر هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە کە لە تەوەرەی داهاتوودا لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەخەینەڕوو.

خشتە-٤ کێشەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای چۆمان

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٤- داهاتووی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای چۆمان:**

لەم تەوەرەیەدا ئامانجمان تیشکخستنە سەر داهاتووی گەستوگوزاری ژینگەییە لە ناوچەی تویژینەوە بەجۆرێک سەرەرای بوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی بەلام چەندین بەربەست هەن، کە لەداهاتوو دا دەبنە رێگر لەبەردەم پەرەپێدان بەو کەرتە ئابووریە گرنگە بەتایبەتی خرابی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە، کە بەبێ پەرەپێدان بەژێرخانی ئابووری ناوچەکە کەرتی گەشتوگوزاریش لەهەمان ئاستی خۆی دەمێنێتەوە بۆیە پێویستە بە پلانی وردو ستراتیژی هەوڵ بدرێت ئەم کەرتە ئابووریە گرنگە لەناوچەکە پێشبخرێت و لەگرنگترین ئەو هەنگاوانەی کە پێویستیە بگرینە بەر بریتین لە:

**٤-١- پەرەپێدان بە ژێرخانی ئابووریی لە قەزای چۆمان:**

**٤-١-١- بەرەو پێشبردنی ڕێگاکانی گواستنەوە،**

خرابی رێگای گواستنەوە لە ناوچەی توێژینەوە بەگشتی و ناوچە گەشتوگوزاریەکانی وەکو( گۆمی بێکۆدیان و پرژێ و کانیەرەش) هۆکاری سەرەکین لە پێشنەکەوتنی ناوچەکە لەڕووی گەشتوگوزاری ژینگەیی چونکە ناوچەکە ناوچەیەکی شاخاویە و ڕێگاکانی گواستنەوە وەکو پێویست نین ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر گەشتیارێک بیەوێت سەردانی ناوچەی ( کانیەڕەش و گۆمی بێکۆدیان بکات) ئەوە هیچ ڕێگایەکی گواستنەوە بوونی نیە بۆیە گەشتیار ناچارە بە پیادە بڕوات بۆ ئەو ناوچانە، کە ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت بە جۆرێک بۆ گەیشتن بەکانیەڕەش پێویستە (٢) کاتژمێر بە پیادە بڕوات و بۆ گۆمی بێکۆدیان پێویستە (٧) کاتژمێر بە پیادە بڕوات بۆیە ژمارەی ئەو کەسانەی، کە سەردانی ئەم ناوچە گەشتیاریانە دەکەن زۆر کەمن بۆیە پیویستە یەکێک لەو کارە سەرەکیانەی، کە پێویستە ئەنجامبدرێت بۆ بەرەو پێشبردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی دروستکردنی ڕێگای گونجاوە بۆ ئەو ناوچانانە تاوەکو کارئاسانی بکرێت بۆ گەشتیاران تا گەشتەکانیان بەسەلامەتی بەئەنجام بگەیەنن.

**٤-١-٢- زیادکردنی شوێنی مانەوەی گەشتیاران**

ناوچەی توێژینەوە دەنالێنێت بەدەست کەمی شوێنی مانەوەی گەشتیاران، ئەوەی لە ناوچەکە بەدی دەکرێت جگە لە چەند خانوویەکی گەشتیاری و چەند کەپرێکی گەشتیاری، کە ئەمانیش بە نرخێکی زۆر گران دەدرێت بە گەشتیاران، کە بۆ شەویک مانەوە لە خانوە گەشتیاریەکان ئەو ناوچەیە کەمترین نرخ لە ١٥٠ هەزارەوە دەست پێدەکات تا ٢٠٠ هەزار دینار و کەپرە گەشتیاریەکان لە ١٠٠ هەزار دینار دەستپێدەکات بۆ ١٥٠ هەزار.(چاوپێکەوتن: هەلگورد) ئەمە سەرەرای ئەوەی، کە لە قەزای چۆمان هیچ ئوتێل و موتێک بوونی نیە تا گەشتیار لەو ناوچەیە بمێنێتەوە بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەولی زیادکردنی شوێنی مانەوەی گەشتیاران بدرێت لە دروستکردنی ئوتێل و موتێلی گەشتیاری و چاودێریکردنی نرخی ئەو خانو و چاترە گەشتیاریانە بکەن بۆ ئەوەی بە نرخێکی گونجاو بدرێت بە گەشتیاران بۆئەوەی گەشتیار بتوانیت لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە وچێژ لە کاتەکانی وەرگرێت.

**٤-١-٣- بەرزکردنەوەی لێهاتوویی تۆرەکانی پەیوەندیکردن**

لەهەریەکە لە ناوچە گەشتیاریەکانی کانیە رەش و گۆمی بێکۆدیان هیچ جۆرێک لە تۆری پەیوەندی گەیاندنی وەک تەلەفۆن و ئینتەرنێت بوونی نیە، بۆیە پێویستە هەولی چاککردنی تۆرەکانی پەیوەندی بدرێت لە ناوچەکە بۆئەوەی گەشتیار بە ئاسانی بتوانێت پەیوەندی بە ناوچەکانی دەوروبەر بکات و بە ئاسودەیی لە ناوچەکە بمێنێتەوە.

**٤-٢- بەبازارکردنی شوێنە گەشتوگوزاریەکان بە مەبەستی پەرەپێدان و ئاسودەیی مانەوەی گەشتیار بۆ ماوەیەکی زیاتر.**

دەتوانرێت لەرێگەی بەبازارکردنی شوێنە گەشتوگوزاریەکان ناوچەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی پەرەی زیاتری پێبدرێت ئەویش لەرێگەی:

١- دانانی تابلۆ و وێنەی ناوچە گەشتوگوزاریە ژینگەییەکان لەسەر رێگە سەرەکی و لاوەکیەکان بۆ ئاشنابوونی گەشتیارە بیانیەکان بە ناوچە گەشتوگوزاریەکان و ناسینەوەی ڕێگاکانی گەیشتن بەو ناوچانە.

٢- بایەخدان بە ڕاگەیاندنی گەشتیاری بۆ ناساندنی ناوچە گەشتوگوزاریە ژینگەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لەرێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو بینراو ئەویش لەرێگەی رێکلامکردن لە کەناڵە ناوخۆییەکان و کەناڵە عێراقیەکان و ناساندنیان لە تۆرەکۆمەلایەتیەکان چونکە بەشێکی زۆری گەشتیاری ناوخۆیی و دەرەکی هیچ زانیاریەکی نیە لەسەر ئەم ناوچە گەشتیاریانە.

٣- دروستکردنی دیمەنی سروشتی و ئەکواپارکی گەشتیاری لە ناوچەکە، کە سروشتی ناوچەکە گونجاوە بۆ دروستکرنیان بە جۆرێک هەروەکو لە خشتە (4) بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆی (٧٥) گەشتیار (٦٦) گەشتیاریان بە بەڵی وەلامی ئەوەیان داوەتەوە، کە بەگونجاویان زانیوە ناوچەکە لەرێگەی دروستکردنی دیمەنی سروشتی و ئەکواپارکەوە دەوڵەمەند بکرێت تاوەکو گەشتیاری زیاتر سەردانی ناوچەکە بکات.

٤- دروستکردنی خلیسکانەی سەر بەفر: بەهۆی ئەوەی ناوچەکە برێکی زۆری بەفری لێ دەبارێت و تا ماوەیەکی زۆر لێی دەمێنێتەوە بۆیە ناوچەکە گونجاوە بۆ دروستکردنی شوێنی گونجاو بۆ ئەنجامی دانی وەرزشی خلیسکانی سەر بەفر، لە خشتە(4) دا دەردەکەوێت کە (٥٥) گەشتیار بە بەلێ وەلامی ئەوەیان داوەتەوە، کە وەرزشی خلیسکانی سەر بەفر لەناوچەکە بدرێت.

٥- فەراهەمکردنی باڵۆن و پەڕەشوت: بەو پێیەی ناوچەکە سروشتێکی جوانی هەیە و گونجاوە بۆ هەڵدانی پەرەشوت و گەشتکردن بە پەرەشوت دەکرێت لەرێگەی فەراهەمکردنی باڵۆن و پەرەشوت دەکرێت گەشتیاری زیاتر رابکێشرێت بۆ ناوچەکە بەجۆرێت هەروەکو لە خشتە(4) دا دەردەکەوێت کە (٥٣) گەشتیار بە بەلێ پستگیری دامەزراندنی و دانانی باڵۆن و پەرەشوتیان کردووە.

خشتە (4) ئایا ئەگەر ئەمانە ئامادەبکرێت ئامادەی گەشت بکەی بۆ ناوچەی (کانیەڕەش، پڕژی ، گۆمی بێکۆدیان)

| جۆری چالاکی گەشتوگوزاری | بەلی | نەخێر | نازانم |
|---|---|---|---|
| دیمەنی سروشتی و ئەکوا پارک | ٦٦ | ١ | ٨ |
| خلیسکان لەسەر بەفر | ٥٥ | ٦ | ١٤ |
| باڵۆن و پەرەشوت | ٥٣ | ١٢ | ١٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**ئەنجام:**

١-ئاووهەوای قەزای چۆمان بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی چونکە:-

أ- تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەی وێستگەی چۆمانن (16.2)°س، و تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی زستان (4.7)°س، لە وەرزی بەهار (14.1)°س، وەرزی هاوین (28.2)°س، لە وەرزی پایزیش (17.9)°س. تێکڕای ئەم پلەی گەرمیەش، کە پسبۆڕان خەمڵاندویانە بۆ چالاکی گەشتوگوزاری لە نێوان (١٧-٢٥)°س یە، واتە تێکڕای پلەی گەرمی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە لە بارە بۆ گەشتوگوزار.

ب- بەرزترین ڕێژەی شێ لە وەرزی زستاندایە، دەگاتە (٧١٪) و نزمترین ڕێژەشی لە وەرزی هاویندایە، کە تێکڕای دەگاتە(53.8٪)، لە وەرزی بەهار تێکڕای ڕێژەی شێ (65.0٪)، لە وەرزی پایزدا(54.5٪).

٢- جۆراوجۆریەتیی شێوەکانی ڕووی زەوی و بوونی جیاوازی زۆر گەورە یەکەی تۆپۆگرافی چیا و دەشت و دۆڵ و بان،(قەزای چۆمان) ئەمەش وای کردووە دیاردە سروشتییە جۆراوجۆرەکانی هەبێت، وەك تاڤگە و دۆڵی قوڵ، ئەمانەش هەموویان سەرچاوەی گرنگی گەشتوگوزاریی ژینگەیین بەتایبەت بۆ گەشتیارانی ژینگەیی، کە خولیای بینین و سەرنجدانن لە ژینگەی جیاوازدا.

٣- لە ٤٠،٤٪ گەشتیاران پێیان وایە کە ژێرخانی ئابووری بە گشتی و ڕێگاو بان بەتایبەتی لە ناوچەکە زۆر خرابە ئەمەش ڕێگری سەرەکین لەبەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزای ژینگەیی لە قەزای چۆمان.

٤- لە ٦.٢٤٪ گەشتیاران پێیان وایە کە خزمەتگوزاریە گەشتوگوزاریەکان وەکو شوێنی کات بەسەربردن و شوێنی یاری و خواردنگە لە ناوچەگەشتیاریەکان لەدۆخێکی خرابدان ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر بەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتوگوزار لە قەزای چۆماندا.

٦- لاوازی ڕاگەیاندنی گەشتیاری وای کردووە تاوەکو ئێستا ئەم ناوچە گەشتیاریانە وەک پێویست نەناسرێن و کاری جدی بۆ پەرەپێدانیان ئەنجام نەدرێت.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٧- ئایندەی گەشـــتوگوزاری ژینگەیی دەوەســـتێتە ســـەر پەرەپێدان بە ژێرخانی ئابووری قەزای چۆمان بەتایبەتی بۆ ناوچە گەشتیاریەکان چونکە هۆکاری بەرەو پێشچوونی کەرتی گەشتوگوزار لەهەرناوچەیەک دەوەستێتە سەر فەراهەم بوونی رێگای گواستنەوەی سەردەمیانە بۆ ئەوەی گەشتیار بە سەلامەتی گەشت بۆ ناوچەکان بکات و بگەرێتەوە.

**ڕاسپاردەکان**

١-چاککردنی و راکێشـانی رێگای گواسـتنەوە بۆ ناوچەکانی تاڤگەی کانیە ڕەش و گۆمی بێکۆدیان کاریگەری دەبێت لەسـەر راکێشانی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بۆ ئەو ناوچەیە .

٢-چارەسـەرکردنی کێشـەی مولکایەتی لە ناوچەی توێژینەوە هۆکاری سـەرەکین لە پەرەپێدان بە گەشـتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەکە چونکە بەبێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاستەنگی زیاتر دێنە بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان.

٣-بەزیادکردنی ئوتێل و موتێلی گەشـتیاری لە ناوچەی توێژینەوە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ گەشـتیاران بۆ ئەوەی بتوانن لە ناوچەکە بمێننەوە و چێژ لە کاتەکانیان وەرگرن.

٤- گرنگیدان بە ڕاگەیـاندنی گەشـــتوگوزاری و ئەنجامدانی رێکلامکردن بۆ نـاوچە گەشـــتیـاریەکان لە کەناڵە نـاوخۆ و عێراقیەکان و دانانی تابلۆ و وێنەی ناوچە گەشـــتیاریەکان لەســـەر رێگا ســـەرەکیەکان دەبێتە هۆی ناســـاندنی زیاتری ناوچە گەشتوگوزاریەکان و راکێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە.


**لیستی سەرچاوە**

**تێزی دکتۆرا:**

١- محمدأمین، عبدالجبار صـالح(2024)، هەڵسـەنگاندنی توانسـتە جوگرافییەکان بۆ پلاندانان و گەشـەپێدانی گەشـتوگوزار لە قەزای دەربەندیخان(توێژینەوەیەك لە جوگرافیای گەشـــتوگوزار)، تێزی دکتورا، پێشـــکەشـــی ئەنجومەنی کۆلێجی زانســـتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

**توێژینەوە:**

١- سلیم، شکور سلام و عمر، لقمان وسو، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دەرهاویشتە ژینگەییەکانی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، ٢٠٢٢، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، بەرگی(٩)، ژمارە(٣).

٢- عثمان، رزگار محمد ، هەڵسـەنگاندنی جوگرافیی توانستە سروشتییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای مێرگەسۆر، ٢٠١٩،گۆڤاری تویژەر/ ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی جوگرافی.

٣- یوســف، ابراهیم، مینە، احمد، ئەژین ئەنوەر، چنار محمود، هوشــیار ابراهیم، پشــتیوان شــفیق، ٢٠٢٤، ڕۆڵی دەرامەتە ئاویەکان لەسەر پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناحیەی هەڵشۆ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١١).

**ماستەر:**

١) قادر، هاوکار شمس الدین ، هەڵسـەنگاندنی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزار و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان لە قەزای چۆمان، ٢٠٢٢ نامەی ماستەر، پێشکەش بە فاکەڵتیی پەروەردە زانکۆی کۆیە کراوە.

٢) سـلیم، شـکور سـلام ، شـیکردنەوەی جوگرافی بۆ چالاکی گەشـتوگوزاری و دەرهاویشـتە ژینگەییەکانی لەقەزای دوکان، ٢٠٢١ ، نامەی ماستەر، پێشکەش بە فاکەڵتیی پەروەردە زانکۆی کۆیە کراوە.

٣) حمدامین، امانج احمد، المرتكزات الجغرافیة للتخطیط السیاحي بقضاء سوران, (2008)رسالة ماجستیر, كلیة اداب, جامعة الموصل, الموصل.

٤) حسن، بهرۆز صالح، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی شوێنیی بۆ ئاوی ژێرزەوی لە ناحیەی بازیان بە بەکارهێنانی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، ، ٢٠١٧، ماستەرنامە، زانکۆی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین. ڕانیە.

٥) محمد، ئاراز خلیل، کێشـە ژینگەییەکانی ڕووەکی سـروشـتی لە قەزای شـارباژێر، ٢٠٢٢، ماسـتەرنامە، زانکۆی زانسـتە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦) عبدالله، فتاح حسـن،، المقومات الطبیعیة للسـیاحة البیئیة في قضــاء جومان، (٢٠١٥)، رسـالة ماجسـتیر، مقدمة الی الكلیة الأداب جامعة المنصورة.

٧)- عبدالله، فتاح حسـن، المقومات الطبیعیة للسـیاحة البیئیة في قضــاء جومان، (٢٠١٥)،رسـالة ماجسـتیر، مقدمة الی الكلیة الأداب جامعة المنصورة.




***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٨) علی، خالد ولی، توانستەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە هەرێمی چیایی پارێزگای سلێمانیدا، (٢٠٢٤)، تێزی دکتورا، پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،

٩) سلیم، غریب علی، ڕۆڵی گەشتوگوزار لە پەرەپێدانی دێهاتەکانی قەزای شاربـاژێڕدا(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار) ٢٠٢٢، ماستەرنامە، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

**پەرتوك:**

١- محمد ئەمین، هاورێ یاسین ، توێژینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی کارۆ، چاپی سێیەم، سلێمانی. (2014)

٢- نەقشەبەندی، ئازاد محمد ئەمین، ، بایەخی گەشتوگوزاری سامانی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق، پەرتوکی توێژینەوە کوردستانیەکان، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر(2013).

**نوسراو و بڵاوکراوە حکومییەکان:**

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبەی ئاماری کەشناسی، ئاماری وێستگەی کەشناسی چۆمان لە نێوان ساڵانی(2005-2020).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، داتای ڕووپێوی دارستانە سروشتی و دەستکردەکان چاپکراو بە کۆمپیوتەر.

چاوپێکەوتن: لە گەڵ بەڕێز: هەڵگورد محمد ماوانی، بەڕێوەبەری بەشی گەشتوگوزاری لە قەزای چۆمان. ٢٠٢٥.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034